گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# واتای یار لە شیعرەکانی مەحوی دا

**پەری عومەر عەلی**

مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عیراق

pary.ali@univsul.edu.iq

**سروە تاهیر عەلی**

مامۆستا لە بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی ، زانکۆی هەڵەبجە، سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عیراق

srwa.ali@uoh.edu.iq

**بێستون ئەبوبەکر عەلی**

مامۆستا لە بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عیراق

Bestoon.ali@univsul.edu.iq

**هیمن کریم محمد صالح**

مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی هەلەبجە، هەڵەبچە، هەرێمی کوردستان، عیراق

hemn.kareem@uoh.edu.iq

Hemn.karim@komar.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/٢٨

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٩

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**Keywords**: Semantic, Poem, Mahwee, Beloved, Intrinsic

## پوختە

بابەتی خۆشەویستی و ئافرەت بابەتێکە زۆربەی شاعیرانی سەرقاڵ کردووە، بەشێکی بەرفراوانی لە داهێنانە شیعریەکانیان گرتۆتەوە، خۆشەویستی حەقیقی ئیلاهی یان مەجازی خۆشەویستی ئافرەت بێت. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی واتای یار لە شیعرەکانی مەحوی دا، هەوڵێکە بۆ ناساندنی واتای یار لای شاعیر، لێرەو دەمانەوێت بگەین بەو ئەنجامەی کە واتای یار لای محوی شاعیر چی دەگەیەنێت. کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی زانستی باسی تیۆری واتا و فرەجۆری واتاکراوە، ئەوە خراوەتەڕوو وشەکان بە پێی زۆری بە کارهێنانیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Beloved, Extrinsic Beloved.

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.1.2

لە ناو کۆمەڵ و لە لایەن شاعیر و نوسەرەکانەوە، زیاتر لە واتایەکیان هەیە، لێرەوە دیاردەی فرەواتایی لە زانستی زماندا بە شێوەیەکی زانستی خراوەتەروو. پاشان بە شێوەیەکی گشتی باس لە واتی یار لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی کراوە، نمونەی شیعری پێویست بە بوارەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە وردی و بەشێوەیەکی کارەکی باسمان لە واتاکانی یار لە شیعرەکانی مەحویدا کردووە، کە چەندین واتای هەیە وەك: خودای گەورە، پێغەمبەری خودا (د.خ)..تاد، لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.
میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفی شیکارییە.

## پێشەکی

یار رووگەیەکە، شاعیر چاوی لێدەبڕێت و خەیاڵی پێدەکات، تا ئەو ڕادەی لە خەیاڵیدا لێکوچواندن و داهێنانی ئەدەبی پێدروست دەکات، لە ناو پانتای شیعری کلاسیکدا یار خاوەن واتا و بەهای تایبەتی خۆیەتی، لەم ڕووەوە هەوڵدەدەین واتاکانی یار لە شیعردا زیاتر بخەینە ڕوو. مەحویش چەندین واتای بەیار بەخشیووە. ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵمانداوە ئەو واتایانە بخەینە ڕوو، ئەوەی زیاتر لە شیعرەکانی مەحویدا بەرچاو دەکەوێت جا وەسفی کردبێت، یان باسی عیشقی کردبێت و بەیار ناوییردبێت، خودای گەورەیە و پێغەمبەری خودایە، یان جگە لەمانە باسی لە عیشقی مجازی و ئافرەتیش کردووە. لەبەشی یەکەمدا: باسمان لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب کردووە، چەمکی واتا و دیاردەی فرە واتاییمان خستۆتەڕوو. هەر لەم بەشەدا واتای یار لە ئەدەبدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی، هەروەها چەمک و پێناسەی عیشقی مەجازی و عیشقی حەقیقیمان خستۆتەڕوو، لەگەڵ نمونەی شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیک.
لەبەشی دووەمدا: باسمان لە واتاکانی یار لە شیعرەکانی مەحویدا کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم:

### 1_1 زمان و ئەدەب لە تەرازووی زانستی زماندا:

زمان و ئەدەب، دوانەیەکن لە یەك دانەبڕاون، ئەدەب بە زمان دادەڕێژێت و زمانیش لە ڕێگەی ئەدەبەوە، بیرکردنەوە و جوانی و هەست و سۆزێکی شاعیرانە لە ناو زمانەکەدا گەشەی پێدەدات، ((تاکو ئێستا بوارەکانی زمان و ئەدەب بە دوو جەمسەر و بابەتی جیاواز دێنە ناو باس و لێکۆڵینەوە، وەك ئەوە خراونەتە بەرچاوان کە گەشەکردن و چەکەرەبووینان لە دوو منداڵدانی دژبەیەکەوە سەریانهەڵدابێت، بەڵام ڕەخنەی تازەی بونیادگەری ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، وەك پردێك هەر دوو بوارەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، زمان و ئەدەب بە هێڵێك پێکەوە دەبەسترێنەوە، چونکە ( ئاشکرایە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بەبێ بوونی زمان لەدایك نابێت)) (مەحمود، ٢٠٠٩: 9-٥). لێرەوە دەتوانین بڵێین: (زمان زەمینەی جەوهەری سیفەتە گرنگەکانی شیعرە و بنەما و ماکەکانی لە دایکبوونی زمانێکی تایبەت لە ناو زمانێکی گشتیدا شیعرە) (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٢٩). وەك خرایەڕوو، زمان و ئەدەب و شیعر دوانەیەکن یەکەمیان زمانە بنەمایە بۆ دروستکردنی ئەوی تریان کە (شیعرە)، شیعریش زمان جوانتر دەکات و لە ڕێگەی توێژنەوەی زمانیشەوە، دەتوانین بە وردەکارییە واتاییەکان کە لە شیعرەکاندا هەن بگەین، کەواتە زانستییە لە ڕێگەی تیۆریی زمانییەوە بە دوای واتا ورد و واتا گەورەکانی شیعردا بگەڕێن و دەستنیشانیانبکەین، چونکە شیعر لە ڕێگەی واتا زمانییەکانییەوە شیعرەیەت و مەزنی خۆی بەیان دەکات. وشەکانی زمان خاوەنی واتان، هاوشان ووشەکانیش لە شیعرەکاندا واتای تریان هەیە، لەم بارەیەوە بە پێویستی دەزانین تیشکۆیەك لەسەر واتا بڵێین: ((واتا و واتاسازی وەك زانستێك لە زمانەوانیدا لە واتای وشە و دەربڕین دەکۆڵینەوە)) (عەلی، ٢٠١٤: ٣٩). ئاشکرایە واتاسازی لە بارەی واتای وشە و دەربڕاوەکانەوە توێژینەوە دەکات، هاوکات ئەوەیش دەگوترێت: (زانستی زمان، ئەمڕۆ بە لقێکی گرنگ و سەربەخۆ لە لقەکانی زانستی مەعریفە دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا توێژنەوەکانی زمان و توێژینەوەکانی ئەدەب وەك دەردەکەوێت سنورێکی هاوبەشیان هەیە کە وشەکانە.

(فەیلەسوفی لۆژیك و زمان ڤینگنشتاین لەم بارەیەوە جیهانی بۆ دوو بەش دابەشکردووە.

1-1-1 وێنە

2-1-1 بێدەنگبوون (سکوت: کپبوون).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوانەی بێدەنگن (سکوتن) ناتوانین وێنەیان بۆ بکەین، مادەم بە وشەیان ناکەین، ناتوانین مانایان پێبدەین، کاتێکیش واتا نەبوو، ئەوا ئێمە دەبێت لە بەرانبەریان بێدەنگبین، ئەمانە لە ڕێگەی ترەوە خۆیان پیشاندەدەنەوە، زمان و ئەدەبیش لەسەر ئەم بوونانە بە شێوەی وشە و واتای وشە، ڕوونکردنەوە دەدەن و شیکردنەوە و وردەکاری دەخەنەڕوو، لێرەشەوە تێگەیشتن بەرانبەر جیهان باشتر دەبێت. بە شێك لەشتەکان لە دەرەوەی بوونن، خودای گەورە لە دەرەوەی بوونە، بەشێك لەشتەکان لەسەر سنووری بوونن، وجودن، وەک: فریشتە، بەشێکیشیان لە ناو بووندان، وەک: مرۆڤ) (حەمەغەریب، ٢٠١١: ٢٨،٢٩). مەرج نییە هەرشتێك بێدەنگبوو بێواتابێت، زۆر جار کەرەستە بێدەنگەکان خاوەنی واتان، وێنەکانیش بێدەنگییان تێدایە و خاوەنی واتاشن. زمان یەکێکە لەو پێوەرانەی کە مرۆڤ لە بوونەوەرانی تر جیادەکاتەوە، خاوەن پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە لایەن خودای گەورەوە توانا و توانست بە مرۆڤەکان دراوە، لێرەوە لەسەر زمانی مرۆڤەکان دەتوانرێت بگوترێت: (پێکهاتەکانی (Components) زمان بریتین لە واتا، دەنگەکان، سینتاکس، زمان تاکە یەك پێڕەوی چڕوئاڵۆزە، کە لایەنە زمانییەکانی وشە پێڕەوی فۆنێمەکان، دروستەی قوڵ (deep stricture) و دروستەی ڕووکەش (deep serface)و..هتد، پێکهاتووە و ئەمانەیش چوونەتە ناو یەکەوە و پەیوەندارن) (مەحویی، 2009: 1). مەبەست لەمە دووبارەبوونەوەی پیت و دەنگەکانە کە لە ناو ڕستە ئەدەبییەکاندا ئاوازێکی جوان دەبەخشن و خوێنەران زیاتر تێکەڵ بە دەقەکە دەکەنەوە.

واتا: لە ڕووی زمانەوە بە واتای تێگەیشتن لە وشە و ڕستەکان و ئاخاوتن و دەقە ئەدەبییەکان دێت، چونکە مەرجی ئەوەی بە وشە، وشە بگوترێت، بە ڕستە ڕستە، بە ئاخاوتن ئاخاوتن، بە دەق دەق بگوترێت، ئەوەیە کە خاوەنی واتا و تێگەیشتن بن. لێرەوە زانستێك سەریهەڵداوە کە لە واتا دەکۆڵێتەوە و زاراوەی واتاسازیش توێژینەوەی لە واتا و جۆرەکانی واتا کردووە، زاراوەی واتاسازی (Semantics) ((لە لایەن زمانەوانی بە ناوبانگ (میشێل برێل)ەوە، دانراوە، بۆ ئەو بوارەی بایەخ بە شیکردنەوە و وەسفکردنی واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان دەدات، بایەخی ئەم زانستە تەنیا لایەنی فەرهەنگی واتاکە ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ڕێزمانیش دەگرێتەوە، هەروەها تەوەرەکانی تەنیا لەسەر واتای وشەکان ناوەستێت، بەڵکو واتای ڕستەکانیش دەگرێتەوە)) (یونس،2010: 11). هەروەها ((واتاسازی لقێکی زانستی زمانە و گۆڕانی واتایش بەشێکە لێی، لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانەوان هەستیان بەوە کردووە، کە پێویستە ئیتر وەك زانستێکی سەربەخۆ لێیبکۆڵینەوە)) (محەمەد، 1990: 2). لەم ماوەیەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسی گۆڕانی واتای وشەی کردووە، زۆربەی کاتیش گۆڕانی واتایش فرەواتایی لە واتایی وشەکاندا هێناوەتە کایەوە. لێرەشەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (واتا لایەنێکی تێکرژاوە و زۆر مەبەستی تیادا کۆبووەتەوە، ئەمەیش پەیوەندی بە قسەپێکەرانی زمانەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە بە تینە بە شێوەیەکە وای لە زمانەوانێك کردووە، واتا بە دڵی زمان دابنێت) (محەمەد، 1990: 2). واتایش دڵی زمان بێت، نوسین و قسەکردنیش لەسەر واتا دەرخستنی ڕۆڵی واتایە. هەروەها داهێنانی شاعیر زۆربەی کات یاریکردنە بە وشەکان لە دەقە شیعرییەکاندا، بۆ ئەوەی بابەتە دوورەکان لەیەکتری نزیك بکاتەوە و بابەتە نزیکەکانیش واتای وردتریان لێهەڵبهێنجێت. کۆی ئەم پێواژوانە لە ناو زماندان، هاوسێیەتی وشەکان دروستیدەکەن و لە مێشکی خوێنەریشدا تێگەیشتنی جیاواز و جوان گەشدەکەنەوە.

## 2_1 دیاردەی فرەواتایی لە چێوەی واتاسازیدا:

کاتێك باسی دیاردە دەکەین، ئەم دیاردەیش وەك وەچە تیۆرییەك بەکاردەهێنین، ئەم وەچە تیۆرییەیش کۆمەڵێك بنەمای جێگیر و بەرچاوڕۆشنکەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەك لەسەر لایەنێکی ژیانی مرۆیی بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامبدەین، لێرەدا واتای وشەکان بە شێوەیەکی واتاسازیانە وەك تیۆر دانراوە و شیکردنەوەی دێڕە شیعرەکانی پێدەخەینەڕوو. فرەواتایی دیاردەیەکی جیهانی زمانییە و لە هەموو زمانەکاندا هەیە، مرۆڤ لە کۆمەڵ و لە ژیانی ڕۆژانە و لە بواری زانستیشدا پێویستی پێی هەیە. زاراوەی فرە لە بواری زانستی زماندا لە دانەیەك زیاتر دەگرێتەوە، فرەواتایش پێکەوە، واتە وشەیەك چەند واتایەکی هەبێت، یان زیاتر لە واتایەکی هەبێت، چونکە وشەکان هەمیشە لە پێداویستییە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگا کەمترن، بەدەگمەن وشە هەیە، تەنیا یەك واتای هەبێت، بەڵکو بە ڕێکەوتن و هاوڕێیەتی وشەکانی دەوربەری لە دەق و ڕستە و فرێز و وشەداڕژاو و لێکدراوەکاندا زیاتر لە واتایەکیان هەیە، واتا جیاوازەکانی وشەیەکیش تێگەیشتنی زیاترمان بە چێوەی وشەکان و بەکارهێنانیان پێدەدەن. فرەواتا polysemy. ((وشەیەکە چەند واتایەکی هەبێت))( مەحویی، 2001: 195). یان دەتوانین بڵێین: زاراوەی واتا فرەواتاییە، فرە سێمە polysemy، فرەواتاییەکەی هۆکاری زۆری هەیە، چونکە واتا تەنها چشت و بابەت و بەدواداچوونی زانستی زمان نییە، بەڵکو ژیربێژەکان و زانایانی دەروونی و کۆمەڵناسی و تیۆری زانستی هێما – زمانییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکەن)) (مەحویی، 2009: 26). واتا و زاراوەی فرەواتایی فراوانن و قسە لەسەر کراون، هەر ئەم توێژەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانە بە وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان و وەرگێرانی زاراوەکانیش بۆ سەر زمانی کوردی، ئاماژە بە دیاردەی فرەواتایی وشەکان و فرەواتایی زاراوەی واتایش دەدات بۆ نمونە: خاڵ: خەتوخاڵ، خاڵی کۆتای ڕستە، کە وەستان پیشاندەدات، یان برای دایک، خاڵی ژماردن، ئەمانەیش گەلە واتایی یەک وشەن.

1/2/1 Sense واتا – گەل، یان گەلە واتا

2/2/1 Reference ئاماژەبەندی

3/2/1 Content ناوەڕۆك

4/2/1 Meaning واتا (مەحویی، 2009: 26).

دەکرێت یەك وشە گەلە واتا و ئاماژەبەندیی و ناوەڕۆك و واتای سادە و گشتی هەبێت و ئەمەیش دیاردەی فرەواتاییە لە زماندا و سەلماندنی ئەوەیە، زمان و وشەکانی زمان فرەواتان و زیاتر لە واتا و مەبەستێك، بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان دەبەخشن. ئاڵۆزی واتا لە بواری زانستی زماندا توێژینەوەی زۆر لەسەر کراوە. ( لە چێوەی هەوڵدانێکی سیمانتیکی نوێباودا پێشنیازکراوە، واز لە کێشە ئاڵۆزەکە بهێنرێت و هەماندەنگی (هاوبێژی) وەك فرەواتای بناسرێتەوە و دیاریبکرێت و سەیربکرێت) (مەحویی، 2001: 280). لە زانستی زماندا زاراوە زۆرەکانی بواری واتاسازی گرفتی بۆ تێگەیشتن و ئاڵۆزی بۆ شیکردنەوە دروستکردووە و پێنشنیازکراوە زاراوە جیاوازەکان پێکەوە توێژینەوەیان تێدا بکرێت. هاوشانی توێژەرانی بواری زانستی زمانیتریش هاوڕای ئەم بیرۆکەیەن و سەبارەت بە زاراوەکانی هاوبێژی و فرەواتایی و لێڵی لە زماندا دەڵێن: ((بوونی پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان هۆکارێکە بۆ کشانی واتاییە زمانییەکان لە خاڵێکیشدا یەکدەگرنەوە، کە بریتییە لە: فۆڕمێك چەند واتا و مەبەستێك دەگەیەنێت، بێگومان یەك فۆڕم توانای گەیاندنی چەند واتایەکی هەبێت، دیارە کە واتاکەی کشاوە)) (حەسەن، حەمید، 2013: 202،-203). ئەم دوو توێژەرە بیرۆکەکەیان کۆکردووەتەوە و زاراوە جیاوازەکانی وەك ( فرەواتایی و هاوبێژیی و لێڵی زمانیان لە ژێر زاراوەی (کشانی واتا: Extending (Meaning) کۆکردووەتەوە، ئێمەیش لەم توێژینەوەدا هاوڕای ئەم بیرۆکە وردەی توێژەرانین، نمونەیشیان بۆ ئەم بوارە هێناوەتەوە (حەسەن، حەمید، 2013: 202).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




بۆ ئەوەی تیۆری فرەواتایی بە ئاسانی بەرچاو بخەین پەنا دەبەینە ئەم وێنەی خوارەوە، کە وشەیەك چەند واتایەکی هەیە، بەپێی بەکارهێنانی زۆرکات واتاکانی فراوان، یان تەسك دەبێتەوە، لێرەدا ئێمە کار لەسەر فراوانی واتا و فرەواتایی دەکەین و تیۆرەکەیش لە بواری ئەدەبدا شیکردنەوەی بۆ دەکەین، بەم وێنەی خوارەوەیش بیرۆکەی دیاردەی واتا زیاتر ڕووندەکەینەوە.




وێنەی دیاردەی فرەواتایی لە زماندا (حەسەن ، حەمید، 2013: 196).

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، دیاریدەی فرەواتایی وەك وەچە تیۆرییەك بەکاردەهێنین و وەچە تێۆرییەکانیتریش کە لەم بەشەدا ڕوونکراونەتەوە، وەك لایەنی تیۆری سودی لێوەردەگرین، بۆ ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە دوای جۆری واتا و بیرکردنەوەی قوڵی شاعیردا بگەڕین و لایەنی کەم واتای دیاری ناو دێڕە شیعرەکانی شاعیر بە شێوەیەکی زانستی بیخەینەڕوو.

### 3_1 واتای یار لە شیعردا:

وشەی یار لە زماندا بە واتای (هاودەنگ، هاودەم، هۆگر، خەمرەوێن، دۆست، هاوڕاز، خۆشەویست...)دێت. لە شیعریشدا شاعیران کە ناوی یاریان هێناوە، یاخود لە وشەی یار دواون بۆ هەمان واتا و چوارچێوە بووە. شاعیران هەر لە کۆنەوە باسیان لە یار و عەشق و خۆشەویستی کردووە، بە جۆرێک ئەم چەمکە بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو و لەنێو ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە، مەرج نییە ئەم خۆشەویستی و یارە تەنیا بۆ ڕەگەزی بەرانبەر بێت، جاری وا هەیە ئەم یارە قاڵبێکیتری بە بەردا دەکرێت و شاعیر لە شیعرەکەیدا مەبەستەکەیمان بۆ ڕووندەکاتەوە،کە بۆ کێی نوسیوە، هەندێجاریش خوێنەر دەبێت خۆی وریا بێت و درکی پێبکات، یان هەندێجار خوێنەر لەو ڕوانگەیەوە کە خۆی مەبەستێتی شیعرەکە بەکاردەهێنێ، ڕەنگە ئەم شیعرەی بۆ یاری دنیایی نوسیبێت، بەڵام ئێمە بتوانین بۆ یاری حەقیقی بەکاربێنین، یان بە پێچەوانەوە، مەحوی شاعیر لەم جۆرە شیعرانەی زۆرە. لەبەر ئەم هۆکارە لەم بەشەدا بەپێویستی دەزانین ڕونکردنەوە لەسەر ئەم چەمکە بدەین و نمونەی پێویستی بۆ بخەینەڕوو.

### 4_1 چەمکی خۆشەویستی:

بیری خۆشەویستی شاعیران و خەیاڵی خۆشەویستی ئافرەت بابەتێکە زۆربەی شاعیرانی سەرقاڵ کردوە، بەشێکی بەرفراوانی لە داهێنانە شیعریەکانیان پەیوەست بە خۆی کردووە، لەبەرئەوە ئافرەت لە مەیدانی شیعردا پانتایەکی فراوانی بەرکەوتوە، شاعیران هەر لە کۆنەوە بایەخیان بە ئافرەت وعەشق و خۆشەویستی داوە. هەرچەندە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ خۆشەویستی نییە، زەحمەتە بتوانین وێنای خۆشەویستی لە پێناسەیەکدا بخەینە ڕوو، بەڵام کەم تا زۆر لەلایەن نووسەرانەوە سەبارەت بەم چەمکە وتراوە، توێژەرێک سەبارەت بە چەمکی خۆشەویستی لە ئەدەبدا دەڵێت (غەزەلی پەیوەندیدار، بە خۆشەویستی ئافرەت، ئارەزوو و جۆش و خرۆشێکە، کە لە ناخی شاعیردا پەیدا دەبێت و عەقڵ و دڵ داگیر دەکات، خەو لە چاو دەتۆرێنێ عاشقانیش بەردەوام پەرۆشی ئەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرە شیعرەن). (مهنا، 2007: 47). ئەو دەربڕینە خۆشەویستیەی کە لە لای شاعیرێکی سۆفی و عارف هەیە، لەگەڵ ئەو دەربڕینە خۆشەویستیەی لای شاعیرانیتر جیاوازی هەیە، بۆ نمونە خۆشەویستی لای شاعیرە سۆفییەکان خۆشەویستی جەستەیی نییە و سەرچاوەیەک بۆ چێژێکی کاتی مرۆیی نییە، وەک لای شاعیرانیتر دەیبینی، کە باس لە جەستەی ژن دەکات زۆربەیان لەبەر غەریزە و ئارەزوی خۆویستانەی دونیاییە، بەڵکو خۆشەویستی لای سۆفی و عاریفەکان پەیوەندیەکی ڕۆحییە لە نێوان بەندە و خودای پەروەردگاردا، کە مرۆڤ پێی پەروەردە دەبێت، دڵ و دەروونی پاک دەکاتەوە و لە ماتریاڵی دونیایی دووری دەخاتەوە. هاوکات لای عاریفەکانیش عیشق و خۆشەویستی بریتیە لە (تێپەڕبوون لە خۆسەنتەریەوە بۆ غەیری سەنتەری واتە غەیری خۆت بکەیتە سەنتەر، کەسێک بتوانێ لە بری خۆی کەسێکی دیکە سەنتەری بێت، ئەوا ئەو کەسە عاشقە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەتا مرۆڤ خۆسەنتەر بێت ئەوە خۆپەرستیە و کیبرە یان ڕیایە، غرورە، ئیتر پێوەرێکی زۆر سادەیە، دەتوانی بەمە عاشقەکان بناسیتەوە (حەمە غریب،2014: 129). بۆچونی عاریفانیش سەبارەت بەم چەمکە، ئەگەر مرۆڤ خودا سەنتەری بێت ئەوا عاشقی ڕاستەقینەیە و هەرگیز بەتەنها نابێت، بەڵام ئەگەر غەیری خودای کردە سەنتەری خۆی ئەوا لە یاسایی عیشق دەردەچێت. دووجۆر عیشق وجودی هەیە:

1-4-1 عیشقی مەجازی: مەبەست لە عیشقی مەجازی، عیشقی دونیاییە و پەیوەندی سۆزداری لە نێوان عاشق و مەعشوقدایە.

2-4-1 عیشقی ڕاستەقینە: ئەم جۆرە عیشقە هەر لەگەڵ گەشەکردنی تەسەوفی ئیسلامیدا هەندێک جار لەڕێگەی وشە و زاراوە و دەربڕینی سۆزداریەوە بۆ ژن لە خۆشەویستی ڕاستەقینەی گیانی دواون (محەمەد،٢٠١٥: 171).

هەروەها لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرە کلاسیکیەکانمان هەر لە مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی،...هتد بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخیان بە خۆشەویستی ژن وەکو یار داوەو زیاتر بەمانا ڕوخساری و ڕواڵەتیەکەی بەکاریان هێناوە، ئەوەندەی وەسفی (چاو، برۆ، زوڵف، لێو، خاڵ، باڵا، ...هتد) کراوە، ئەوەندە باسی خۆشەویستی و وەفای یار نەکراوە، بەجۆرێک سەر لە بەری دیوانی شاعیرانی کلاسیک پڕە لە وەسفی جەستە و لەش و لاری ژن. هەروەکو نالی دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خاو بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز**

**چاوە چاوی یەک غەزالە چاوم ئەز**

(نالی، ١٩٧٦:٢٢١).

واتە خاو و بێهێزم بەهۆی دوو زوڵفی یارەوە و چاوە چاومەو چاوەڕوانی نیگایەکی یاری چاو ئاسکم. هەروەها زۆرجار باسی دووری و فیراقی یارو ئازارو ناڵەی خۆیانیان بەدەست ئەم دابڕانەوە کردووە، وەک: وەفایی دەڵێت:

**دڵ دەناڵێ دەم بە دەم سوتاوی تاوی فیرقەتە**

**بولبولە بۆ ڕووی گوڵ دڵ پڕ لە داخ و حەسرەتە**

(وەفایی، ٢٠٠٨: ١٣٧).

هەروەها بابەتی ئاینی لە شیعردا زیاتر ڕوو لە خواو نزاو پاڕانەوە و وەسفی پێغەمبەر بووە، بەجۆرێک وەسفکردنی پێغەمبەر بنەوانی لە مامەڵەی سۆفییەکانەوە وەرگرتووە، هەندێجار شاعیر بەجۆرێک وەسفی پێغەمبەر دەکات و خۆشەویستی خۆیی بۆ دەردەبڕیت، خوێنەر وا هەست دەکات شاعیر بۆ ئافرەتێک خۆشەویستی دەرئەبڕێت، بێخودیش یەکێکە لەو شاعیرانەی لەم بوارەدا توانیویەتی زۆر بەجوانی ئەو پەیامە بگەیەنێت و دەڵێت:

**عەقڵ و غیرەتی بردووم، نەشئەی قەدەحی چاوت**

**پێوەندی هەوای کردووم، تای زوڵفی پەرێشانت**

(بێخود،١٣٨١:١٦)

شاعیر هێندە عاشقی پێغەمبەرە، جوانی چاو و پەرێشانی زوڵفی هەموو هۆش عەقڵی بردوە و تا ڕادەی بێحاڵی ئاگای لەخۆی نەماوە. هەروەها سافیش دەربارەی خۆشەویستی پێغەمبەر دەڵێت:

**ئەی سەیدی سەرداری من، مەحرەمی ئەسرای من**

**ئەی ئەحمەدی موختاری من، صەلات لەسەر تۆ یاری من**

(عوسمان سەنگاوی، ٢٠٠٨: 168).

بێگومان خۆشەویستی و عیشقی خودا یەکێکە لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی تەصەوف و عیرفان، لە نێو ئەدەبیاتدا، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕەمز و تێرمەکانی سۆفیگەری و عیرفان ڕەنگی

داوەتەوە و جێگای گرنگپێدان بووە، کایەی ئیلاهیات بەشێک لەم ئەدەبە بووە. عاریفان بێتوانایی خۆیانیان لە ئاست پێناسەکردنی خۆشەویستی دەربڕیوە، هەروەک: ئیبن عەرەبی دەڵێت: (هەرکەس پێناسەی عیشق بکات، عیشقی نەناسیوە، کەسێکیش لە پیاڵەی ئەو قومێکی نەچەشتبێ، ئەوی نەناسیوە، کەسێکیش بڵێت من لە جامی ئەو تێرابووم ئەوی نەناسیوە، چونکە عیشق شتێک نییە کەسێک تێر ئاو بکات (سەبور شکار، 2014: 38) لە ئەدەبی کوردیشدا زۆرێک لە شاعیران بە گرنگییەوە لەم بابەتەیان ڕوانیوە و لەم دەرگایان داوە.

## بەشی دووەم:

### 2_1 واتای یار لە شیعرەکانی مەحویدا

عیشق بەرانبەر بە یار لە دنیای ئەدەبدا بە گشتی و لە شیعردا بەتایبەتی چەندین واتا و چەمکی جیاواز دەگرێتەوە، دەشێت یار لای هەریەکە لە شاعیرەکان شتگەلی جۆراوجۆر بێت. ئەوەی زیاتر شاعیران لێی دواون یاری حەقیقییە، کە مەبەستی عشقی ئیلاهییە هەروەها چەمکە مەجازییەکەی عشقی ڕەگەزی بەرامبەرە، یاخود دەشێت هەندێجار ئەم یارە شێخێك یان هاوڕێ و دۆستێك، بێت بێگومان یار بۆ مرۆڤ ئەوپەڕی ئارامی و خۆشنودی دەگەیەنێت، هاوکات (سێیەمین ماڵ کە ئێمەی ئادەمیان لەم جیهانەدا هەمانە و خاوەنینی عەشقە، بارەگای یارە، کۆی مەعشووقە، ئێمە هەندێك کات لە ماڵ و نیشتیمانی خۆماندایین، بەس لە خۆشەویستی خۆمانەوە دوورین، لەبەرئەوە هەست بە ئاوارەیی دەکەین و هەموو شتێك بۆ ئێمە نامۆیە، ئامادەیی بارەگەی ئەو، ئارامییەکمان پێ دەبەخشێت کە بەهیچ ئەزموونێکی دی بەراورد ناکرێت) (نەراقی، 2019: ٢٧). لەم بەشەماندا واتای یار لە شیعرەکانی مەحویدا ڕووندەکەینەوە، کە چۆن و بە چ مەبەستێك یاری بەکاهێناوە، یاخود یاری شاعیر کێ بووە.

### 2_2 واتای یار وەك خۆشەویستی ئافرەت لە دەقەکانی مەحویدا:

ئاشکرایە خۆشەویستی و عیشق بۆ ئافرەت لە شیعردا بە عیشقی مەجازی ناسراوە، هەروەك عیشقی مەجازیش لە ڕووی چەمك و پێناسەوە، پێشتر ئاماژەمان پێداوە، دەشتوانین بڵێین (بریتیە لەو عیشقەی کە عاشیق هەموو ئومێد و تەمایەکی گەیشتنە بە مەعشوقەکەی، ئەم جۆرە عیشقە گەرم و گوڕ و تین دەبەخشێت بە کەسی عاشق و لە حاڵێکدا کە نەگاتە مەرامی خۆی و بەدیداری مەحبوبەکەی شاد نەبێ، ئەوا توشی خەمۆکی دەبێت، لە حاڵی وادا ئیدی ئەم عیشقە دەکەوێتە سەما

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەنگ دەداتەوە، بەڵام گەرهاتوو کەسێك ئەم عیشقە ئاوێتە بە خراپەکاری نەکات ئەوا دەرەنجام دەبێتە عیشقی حەقیقی هەروەك عیشقەکەی مەولانای ڕۆمی) (حەمە غەریب، 2013: 305). مەحوی وەك هەرشاعیرێکی کلاسیك باسی ئافرەتی وەك یار کردووە، ئیتر باسی جوانییەکەی کردبێت یاخود باسی دەردی دووری و دابڕان لێی. بێگومان ((ئەو وێنەی کە مەحوی دەیکێشێت تەنها لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە وەزیفەی هەیە. بەڵکو دەکرێ لەمەش زیاتر بڵێین کە ئەو وێنەیە شیعرەکان دەنوسێتەوە. ئەم دوو چەمکە دەبنە بنەما هەرە گرنگەکانی شیعری مەحوی چۆن هێزێکی لەم چەشنە دەکرێ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەبێت؟ سروشتی کۆمەڵایەتی بوونی وێنە لاواز دەکات و تووشی لەتبوونی دەکات، ئەو ژنەی لە شیعرەکانی مەحویدا چاومان پێی دەکەوێت جەوهەرێکی دینامیك و زیندووی پێبەخشراوە، بەڵام هیچ شتێك وامان لێناکات کە گومانی ئەوەمان هەبێ کە مەحوی دەربارەی ژنێك دەدوێت)) ( ئەحمەدی مەلا، 2013: ٤٩).

دەکرێت مەحوی بۆ ئافرەتێکی خەیاڵی شیعری نوسیبێت و  وێنەیەك بێت لە سینەی شاعیردا. لە دێڕێکدا دەڵێت:

**چ یارایە، بەبێ ئیمایی ئەبرۆ سەیری ئەو چاوە**
**حەرامە مەیکەشی لەم مەیکەدە بێ روخسەتی حاجیب**
(مەحوی، 1387: 85).

واتە: چ کەسێك ئەوێرێت سەیری چاوی یار بکات بەبێ ئیشارەتکردنی برۆی بە ڕازیبوون، لێرەدا ئەبرۆ بە ئیمام شوبهێنراوە ناتوانین قامەت ببستین تا ئیمام دەست پێنەکات، واتە ئەبێت برۆ رازیبێت سەیری جەمالی یار بکەین. مەیی و خواردنەوە حەرامە تا ڕوخسەت لە پاسەوانی مەیخانەکەی وەرنەگرین، کە مەبەستی برۆی یارە. ئەو وشە گەلانەی مەحوی بۆ یار بەکاری هێناوە وەك: شۆخ، دولبەر، یار، جانانە، نیگار، ئەو.  لە نمونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

**وەرە دەستێ بە خوونم کە نیگارین**
**خوێنی من حەڵاڵت بێ ، نیگارا**
**زوو ئەو شۆخە لە عاشق وەر دەچەرخێ**
**لەگەڵ کەس، چەرخە ئەو، ناکا مودارا**
(مەحوی، 1387: 42).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەحوی لێرەدا دەڵێت ئەی یاری وەکو نیگار و تابلۆ جوان وەرە دەستت بە خوێنم ڕەنگین بکە و با خوێنم حەڵاڵت بێ، خۆ ئێمە هەر ڕەنگینین. لە دێڕی دواتردا گلەیی ئەوە لە یاری دەکا کە زوو لەگەڵ عاشقانی ڕوو وەردەگێڕێت لەگەڵ کەسدا نایکرێت. لەم دوو دێڕەدا هەرسێ وشەی (نیگار، شۆخ، ئەو) بەکار هێناوە کە ئەمەش فرەواتایی دەگەیەنێت، بۆ واتایەك ئەشێت چەندین وشە بەکاربێت. مەحویش وەك هەر شاعیرێکی تری کلاسیك بێگومان وێنەی ئافرەتی بە شیعر کێشاوە ، هەروەها باسی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەتی کردووە، ناکرێت نکوڵی لەوەبکەین، کە مەبەستی ئافرەت نەبووە، هەروەها (خاڵێك زۆر سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەویش ئەوەیە کە ئەم وێنەیە ڕەگەزێکی مێینەیە و تەنها باس لەبەشی سەرووی کراوە، مەبەست ئەوەیە کە مەحوی تەنها باس لە ڕوخسار و چاو و گۆنا و لێو و زار و پەرچەم و زوڵف و برۆ و برژانگ و دەست دەکات) ( ئەحمەدی مەلا، 2013: 29).

**بەیادی ئەولەبە،ئەی شۆخی ڕوومەت ڕۆژی مەه غەبغەب**
**لەبالەب ما لەناڵەم سینە، هەروەك کۆتری لەبلەب**
(مەحوی : 1387، 82).

لێرەدا شاعیر دەڵێت بەهۆی یاد کردنەوەی لێوی یارێکی وەك ڕۆژ سپی و غەبغەبە وەك مانگ، سینەم لێوان لێوە لە ناڵەو فوغان وەك کۆتری لەبلەب واتە ونبوو. شاعیر هەم باسی لێو هەم باسی ڕوومەت و هەم باسی غەبغەبەشی کردووە. دەربارەی غەمزە و نازی ئافرەتیش کە دەبێتە هۆی شەهیدی یان دەردەداری بۆ عاشق و دڵداران دەڵێت:

**شەهیدی غەمزەیە، بەعزێ سەقیمی عیشوەیە جەمعێ**
**دیارە: سەرنویشتی ئەهلی دڵ یاشینە یا سینە**
(مەحوی، 1387: 327).

واتە ئەوانەی بریندارى عیشقن و لە خەستەخانەیا کەوتوون، هەندێکیان شەهیدی دەستی نازی یارن، هەندێکیشیان نەخۆشی دەستی عیشوەن. دیارە ئەوانەی کە ئەهلی دڵن پیتی یەکەمی سەرەنجامی ئیشەکەیان یا (شین )ە یا (سین)ە واتە یا شەهیدن یا سەقیمن_ دەردەدار. مەحوی وەك هەر شاعیرێکیتر لە عیشقی یاردا تووشی دابڕان و بەیەکگەشتن (فیراق و ویصال) هاتووەو باسیکردوە، لە ئەدەبدا زۆر جار مەقامی فەصل و وەصل (پێکگەشتن)ی پێدەوترێت:(ئەگەر جیاوازی بکەین لە نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردوو مەقامی فەصل و وەصلدا. لە مەقامی فەصلدا.. فیراقی یار هەیە، میحنەت هەیە، دابڕان و دووری هەیە. بەڵام ئەم خەمی دووریە زیندووی کردوونەتەوە. بەڵام ئەوانەی وەصلیان هەیە بەردەوام بەو خۆشی و لیقایە مەستن، هەمیشە لە بەهار و گەشیدان. بۆیە ئەمان دووری نایانتلێنێتەوە بە پێچەوانەی قوتابخانەی میحنەت غەم دەخۆن لە کاتێکا قوتابخانەی ویصال خۆشیان هەیە نور خۆراکیانە)(تەحسین حەمە غەریب، 2011: 18). لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**ئەو دەمە رۆحم لە سەر لەب بوو لەبەر دەردی فیراق**

**هات و زوو کردم بەپێ شاباشی(نعم الاتفاق)**

(مەحوی: 1387، 220).

واتە ئەو کاتەی لەبەردەردی دووری و فیراق رۆحم لە سەر لێوم بوو، یار خێرا بە وەصڵ و دیداری ئاشنای کردم و هاتە سەرسەرم و منیش ڕۆحم کردە شاباشی و بەفیدای ئەوم کرد.

## 3_2 گۆڕانی ڕووگەی شاعیر لە واتای یاری مەجازییەوە بۆ واتای یاری حەقیقی:

هەندێک لە شاعیرانی کلاسیك لۆمەی خۆیان کردووە، کە بۆچی خەریکی خۆشەویستی مەجازی و دنیایین، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ عیشقی حەقیقی و خودایی، چونکە تەنیا ئەو فریاد ڕەسیانە، یاخود دەکرێت بڵێین: خۆشەویستی ژنیان تەنیا وەك لاسایکردنەوە بەکارهێناوە، پاشان پەشیمان بوونەتەوە و ڕوویان لە عیشقی خودایی کردووە، یاخود هەندێک لە شاعیرە عیرفانییەکان ویستویانە لە ڕێگەی خۆشەویستی مەجازییەوە بە عیشقی حەقیقی بگەن، توێژەرێك دەڵێت: ((عاشقی مەشقی پاڵاوتنە و مەدرەسەی عیشقیش، مەدرەسەی ؛تصفیە و پاڵاوتنە؛ ئەم عیشقەش لە پلەی "مەجازییەوە" دەست پێدەکات تاکو دەگاتە پلەی "حەقیقی"یەوە، یانی لە تەسەووفی عاشقانەدا، هەموو جۆرە عیشقێك پەسەند و ڕەوایە، بەڵام دەبێ لە شتێکی "فانی" دڵ هەڵقەنی و ڕوو لە "باقی" بکات))( ابراهیم، 2004: 64). شاعیر دەڵێت:

ئەم مەجازە چییە، ڕووکەینە حەقیقەت ، ئەوجا

(لا اله )ە، بەسە گەر تاڵیبی ( الا الله )ی

(مەحوی، 1387: 363).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

با واز لە خۆشەویستی دنیایی بێنین و ڕووبکەینە خۆشەویستی حەقیقی و ئیلاهی خودای گەورە، ئەوسا ( لااله الا الله)ت بەسە گەر مەبەستت بێت. لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**بە لەیلاوە وەرە بەر قاپی ئەم لەیلایە ئەی مەجنوون**
**شەهێکە صەد سەری فەرهاد و شیرینی لەبەر پێکەوت**

(مەحوی، 1387: 118).

واتە ئەی مەجنوون، کە ڕەنگە هەر مەبەستی خۆی بێت، واز لە لەیلای دنیایی بێنە و وەرە بەر قاپی ئەم لەیلایە (خودای گەورە) ببینە کە پاشایەکی وایە سەدانی وەك فەرهاد و شیرین سەریان لە پێناویدا داناوە، یاخود شاعیر ڕوودەکاتە مەجنوونی عیشقی لەیلا و پێی دەڵێت: لەیلات بێنە و وەرە بەر قاپی لەیلاکەی من با بەراوردی بکەین، جا ببینە خودای من شاهێکی وایە سەدی وەك فەرهاد و شیرین خۆیان بە قوربان دەکەن. ئەحمەد موحتار جافی شاعیر دەڵێت ؛((بێستون ئێستەش کەوەقتێ لالەی لێ سەوز ئەبێ،،، باسی خوێنی دیدە وداغی دڵی فەرهاد ئەکا؛ لەم دێڕەی شاعیردا باس لە خۆشەویستی مجازی دەکات توانیوییەتی شاخی بێستوون بێنێتە قسە لێرەدا خواستنی شاراوەی بۆ دروست کردوین، واتە شوێن خۆشەویستی دونیایی مەکەون وەك شیرین و فەرهادە دواڕۆژتان، بۆیە دەتوانین لە خۆشەویستی مجازییەوە بڕۆین بۆ عشقی ئیلاهی))(Hemn, Mohammd, 2021: 105).

## 4_2 واتای یار وەکو پێغەمبەر(د.خ):

لەئەدەبی کوردیدا چەندین شاعیرمان بەرچاو دەکەوێت، کە لە عیشقی پێغەمبەردا ( د.خ ) شیعریان نوسیوە، بەو پێیەی کە شاعیرە کلاسیکییەکانمان پیاوانێکی دینی بوون، هەروەها شوێن کەوتەی ئەهلی تەسەوف بوون و خۆشەویستی خودا و پێغەمبەری خودا تێکەڵ بە ڕۆح و جەستەیان بووە. دیارە ئەمە لە چەندین شوێنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا ( د .خ) باسکراوە، هەروەك لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر دەفەرموێ ((لا يومن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين)) (رواه البخاري و مسلم) (المنذري، 2007: 32) واتە باوەڕی هیچ کامێکتان تەواو نابێت تا منی خۆشتر نەوێت لە دایك و باوك و منداڵەکانی و هەموو خەڵکیش) هەر بۆیە شاعیرەکانمان خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەریان بۆ پێغەمبەر دەربڕیوە و لە شیعرەکانیاندا وەسف و سەنایان کردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و داوای شەفاعەتیان لێکردووە، مەحویش یەکێکە لەو شاعیرانەی چەندین قەصیدەی دوورو درێژی لە وەسفی پێغەمبەر و عیشقی ئەودا نوسیوە، لەوانە (قەصیدەی (عقد العقائد) لە دێڕی( 41 – 136) باسی پێغەمبەر دەکات، هەروەها قەصیدەی (بەحری نوور)کە ( 124) دێڕە ستایشی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، بێگومان مەحوی ئەم قەسیدەیەیی لە ژێر کاریگەری قەسیدەی ( همزیە و بردە)ی شێخ محەمەدی بووسیری داناوە) (ابراهیم احمد شوان، 2014: 197).

لە سەرەتای قەسیدەکەدا بە وەصف و سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر دەستپێدەکات و دەڵێت:

**(وصلی الله علی) ئەو بەحری نوری عیلم و عیرفانە**
**کە دەرکی غەوری ناکا (غیر علم الله سبحانە)**

(مەحوی،1387: 463).

واتە خودا رەحمەت و سەڵاوات بڕێژێت بەسەر ئەو دەریای نوور و زانست و عیرفانەدا، کە تەنیا خودا خۆی دەزانێ چۆنە و کەس درکی پێناکات، لە چەند دێڕێکی تردا لە باسی عیشق و خۆشەویستی پێغەمبەردا دەڵێت:

**خودا لەوزیکر و فیکرەم قەت نەکا غافڵ زوبان ودڵ**
**هەتا خونچە دڵ و سۆسەن زوبانی باغ و بوستانە**
**لەگەڵ مەحزی خەیاڵی، دڵ بەجارێ بۆتە کێوی توور**
**لەکن وەسفی جەمالی، واسیف گوڵ بەدامانە**

(مەحوی، 1387: 471 ).

واتە خودای گەورە لە زیکرو فیکری پێغەمبەر غافڵ و  بێئاگای مەکە زمان و دڵم هەتاوەکو دڵم وەکو خونچە و زمانم وەکو سەوسەنە لەم باغ و بێستانی ژیانەدا. هەروەها بە تەنها خەیاڵ و بیرکردنەوە لە پێغەمبەرو دڵ وەکو کێوی توور دەسوتێت و بەهۆی باسکردن و وەسفی جوانی ئەو، لێو وەکو وایە گوڵی پێدا هێنرابێت ئەوەندە جوان دەبێت. مەحوی جگە لە قەسیدەکانی چەندین جار باسی خۆشەویستی پێغەمبەری کردووە، لەچەندین شوێندا داوای شەفاعەتی لێدەکات، نەك تەنها داواکردن بەڵکو دڵنیایە لەوەی شەفاعەتی دەکات، لەبەر ئەوەی دڵی بەردەوام یادی ئەوی تێدایە و عاشقێتی دەڵێت چەند گوناه باریشبم باکم نییە، چونکە ئەو شەفاعەتم دەکات:

**بێ حسابە گەر گوناه، باکم چیە**

**حەزرەتی ئەو شافیعە ڕۆژی حیساب**

**بەو جەماله عیشق و، بەو جاهە حەسەد**

**هەم دڵی من، هەم دڵی دوشمن کەباب**

(مەحوی، 1387: 7-77 ).

من عاشقی ئەو جوانییەی پێغەمبەرم (د.خ) ناکەس و دوژمنانیش حەسودی بە پلەو مەکانی دەبەن، بەم جۆرە هەم دڵی من لەتاو عیشق و هەم دڵی دوژمن لەتاو حەسودی بۆتە کەباب.  لە شیعرێکی تردا لەوەسفی پێغەمبەردا دەڵێت:

**ئەی جەماڵت نووری دیدەی ئەنبیا**

**شامی تورڕەت سوبحی عیدی ئەولیا**

(مەحوی، 1387: 71).

واتە ئەی ئەو پێغەمبەرەی کە بوویتە نوری چاوی پێغەمبەران و دەستە مووی ڕەشی ئەم لاولای تەوێڵت وەك بەرەبەیانی جەژنی پیاوانی خودا جوان و پیرۆزە.

**ئەو بەروبوومە جەنابی تۆ تیای**

**بەردی بۆمە دوڕڕە، گەردی تووتیا**

(مەحوی،1387: 71).

ئەو خاك و ئاوەی تۆی تێدای بەردەکەی بۆ ئێمە وەك دوڕە و گەردەکەشی کلی چاوە .

## 5_2 واتای یار وەکو خودای گەورە (لە عیشقی حەقیقیدا):

عیشقی حەقیقی ئەوەیە کە((مەعشوق لەم عیشقەدا ، خوداوەندە و ئەم عیشقە بەرزترین و باشترین پلەی کەماڵە بۆ مرۆڤ)). (رواندی، 2004: 211) بێگومان عیشق لە ڕووە تیۆرییەکەیەوە وەصفکردنی ئاسان نییە و تێگەیشتن لێی دەچێتە چوارچێوەی مەحاڵەوە ، یاخود دەکرێت بڵێین ((عیشق دەگمەنترین و دانسقەترین شتی دنیایە، کە هیچ بەهایەك بەرامبەری نیە بتوانێت جێی بگرێتەوە، بۆیە باشترین شت ئەوەیە تەسلیمی مەعشووقی ڕاستەقینەی بکەین)) (حەمە غەریب، 2001: 18). زۆرێك لە شاعیرانمان نوقمی دەریای عیرفان و سۆفیگەری بوون و بەشێکی شیعرەکانیان لە عیشقی خودا نووسیوە. مەحوی شاعیرێکە بەشێکی زۆری شیعرەکانی دەچێتە چوارچێوەی عیرفانەوە، هەروەها بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچڵی شاعیرانی سۆفیگەری دادەنرێت. چەندین جۆری تەسەوفمان هەیە لەوانە ( تەسەوفی عابیدانە و تەسەوفی عاشقانە و تەسەوفی عیرفانی). دەوترێت ((مەحوی لە ڕیزی تەسەوفی عابیدانەی خانەقایی ـ تاڕادەیەك ـ دەژمێردرێ و هەروەك جەنابی پرۆفیسۆر مارف خەزنەداریش دەفەرموێ کە مەحوی سۆفی یەکی واقعییە)) (رواندی،2004: 53). مەحوی شاعیر عارفێکی عابدی عاشقە، کە عیشق بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە لە چەندین شوێندا باسی یاری کردووە بەناڕاستەوخۆ، کەمەبەستی ئەو یارە خودای گەورە بووە، هەروەك دەڵێت:

**تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بەسەر دێ جان و دڵ**
**حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەقتی ڕۆژهەڵات**

(مەحوی:1387، 19).

واتە ئەی یار (خودا) هەر کە تۆ دەرکەوتی مەپرسە ئیتر گیان و دڵ چی لێدێت، هەروەك چۆن شەونم ئەتوێتەوە و ئەبێت بە هەڵم کاتێ خۆر هەڵدێت . ئەمە باس لە تەجەللی خودا دەکات واتە بەدیارکەوتنی خودا لەلای عارف و سۆفییەکان ئەم دەرکەوتنە زیاتر تۆخکردنەوەی عیشق و توانەوەی مەعشوقە. ئەم عیشقە لەڕادەبەدەرەی عاشق ((دەرئەنجامی ئاوڕدانەوەی لوتف ئامێزی خودی مەعشوقە لە عاشق، بەو مەعنایەی ئەگەر ئەو لوتفە نەبێ نە عیشق ئاگر لەدڵی عاشق بەردەدات و نە لافی عیشق بنەمای ڕاستەقینەی دەبێت ئەمەش بەندە بە تەجللی؛دەرکەوتنی؛ ناڕاستەوخۆی مەعشوقەوە بۆ عاشق ، کەلە گەوهەریدا بڕیارێکی ئەزەلییە و سەرچاوەی بوونیشە. صۆفییان ئەو مەسەلەیە لەڕووی سەرچاوەی بناغەییەوە، بە چەمکی ڕۆژی پەخشان (یوم الذر)ی قورئانی، کەلە ئەدەبیاتی صۆفیگەری کوردیدا بە (ڕۆژی ئەلەست) و (ڕۆژی ئەزەل) و ناوی دیکەش ناسراوە، دەبەستنەوە (قەرەداغی،2011: 5 ). شاعیر لەم دێڕەشدا دەڵێت:

**ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی**
**هەتا قامی قیامەت ، ئاە و واوەیلا نەکەم ، چ بکەم**

(مەحوی،1387: 275 ).

لەیلا (خودا) وادەی دیداری داناوە بۆ ڕۆژی حەشر، منیش ئەگەر وایە هەتا بەرپابوونی قیامەت جگە لە ناڵە و ئاهو واوەیلا چیتر هەیە بیکەم؟ بەو پێیەی بەندەکانی خودا لە رۆژی دوایدا ئەتوانن خودا ببین. ئەوەی لای تەسەوفەکان دەبینرێت، زیاتر عیشقی خودایە وەك لە ترس، لەم ڕووەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((مێژوونووسەکانی تەسەوف دەڵێن: ڕابیعەی عەدەویە یەکەمین کەسە سۆفیزمی لە کایەی کرۆزاندنەوە و ترسەوە گواستۆتەوە بۆکایەی محەببەتی ئیلاهی بۆ یەکەمین جار لە گوتەکانیدا زاراوەی محەببەتی ئیلاهی بەکار هێناوە)) (حەمە تۆفیق،2013: 299). مەحوی تەنیا عیشقی مەبەست بووە و خۆشەویستی ئیلاهی بۆ ئەو کانگای ژیانی دونیایی و ئاخیرەت بووە :

**گەر ئاگری مەحەببەتی شك بەم لە دۆزەخا**

**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەنەت دەکەم حەرام**

(مەحوی، 1387: 255).

توێژەرێك دەربارەی ئەم عیشق و خۆشەویستیەی ئیلاهی و نەویستنی بەهەشتە و بە تەنیا ویستنی خۆشەویستییە دەڵێت: ((مەحویش وەك: ڕابیعەی العدویە، و ئەمسالی ئەو مەبەستی چوونە بەهەشت نەبووە لە خواپەرستیەکەیدا هەروەك چۆن لە ئاگری دۆزەخیش نەترساوە، لەوە زیاتریش ئەگەر خۆشەویستی خوای لەناو دۆزەخیشدا چنگیر ببێ، ئەو دۆزەخە هەڵدەبژێرێ و بەبەهەشتی ناگۆڕێتەوە، بەڵکو هەر بەهەشت لە خۆی حەرام دەکات)) (چروستانی، 2001: ٩٨). هەر لە عیشقی خودای گەورەدا دەڵێت:

**کە ئەمری فەرموو ئەو شاهە بە ((إقر ))**

**ئەگەر فەرمانی قەتڵە کێ دەڵێ نە ؟**

(مەحوی،1387: 72).

کە ئەو شاهە (خودای گەورە) ئەمری فەرموو دەفتەری عیشق بخوێننەوە، ئەگەر فەرمانەکەش کوشتنی مەعشوق بێت ئەوە کەس ناڵێت نەخێر. یاخود لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**بەیادی قامەتی ماوم بە پێوە**

**(علی ما مثلها موسی تو کأ)**

(مەحوی، 1387: 73).

واتە وەکو چۆن موسا عەساکەی دەستی پاڵی پێوە دەدا و موعجیزە بوو بۆی، یادی قەد و باڵای یاریش بۆ من بووە بە موعجیزە و بەهۆی ئەوەوە دەژیم و ماوم بە پێوە شاعیر مەبەستی ئەوەیە ژیانی ئەو بەندە بەیاد و بیرکردنەوە لە جەمالی خودا واتە یار بۆ عیشقێکی ئیلاهی بەکارهاتووە.

شاعیر دەیەوێت بەهۆی عەشقی خوداوە تەرکی خۆی بکات:

**تا زوڵمەتی وجوودە تەریکی لە نووری عیشق**

**سێبەر نەما هەتاوە، کە (مەحوی) نەما، خودا**

(مەحوی،1387: 38).

لەم دێڕەدا شاعیر بە خۆی دەڵێت تا تۆ خۆتت پێ مەبەست بێت و بۆ خۆت بڕوانی، لە تاریکایی خۆپەرستیدا دەمێنیتەوە، تا لەو تاریکیەشدا بمێنییت، لە تیشکی خۆشەویستی خودا دوور دەبیت. کەواتە واز لە خۆپەرستی بێنە، چونکە کە دەستت لە خۆت هەڵگرت سێبەری بوونت نامێنێت لەگەڵتدا و هەتاوی خواناسینت لێدەکەوێت، ئەو لە ئارادا دەمێنێت و خۆت (مەحو) دەبیتەوە. ئەوەی شاعیر مەبەستێتی ئامادەیی (حزووری) یارە و بە حزوورەوە سەر مەستە:

**بە بێ بەزمی حزووری تۆ حەرامم کردووە بادە**

**نەوەك بشکێ بەنەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی**

(مەحوی،1387: ٤٠٣).

دووری شاعیر لە یارکەوەك ڕەمزی ئیلاهی بەکاری هێناوە بۆتە هۆی سەرخۆشی شاعیر بەبێ مەی، کە ئەمە سەرخۆشیێکی سۆفیانەیە، بۆیە مەی و بادەی لە خۆی حەرام کردووە، چونکە نایەوێت بەهۆی مەستی بادەوە، بێ ئاگایی دووری یاری لە دەست بچێت. بێگومان خودا بەبەندەکانی بێگانە نییە، بۆیە مەحوی بەو سادەییە لەگەڵی دەدوێت و بە جێناوی(تۆ) ناوی دەبات، جێناوی تۆ زیاتر مەبەستی ئەوەیە هاوەڵ بۆ خودای گەورە دانەنێت و یەکتاپەرستە. مەحوی عاشق و عارف یاری حەقیقی زاڵکردووە بەسەر یاری مەجازیدا و هەمیشە وەك عارفە خواناسەکان عاشقی خودا بووە و لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا لەعەشقی خودا دواوە، جگە لەوەی وەسفی کردووە. باسی دینی ئیسلام و عەقیدەی ئیسلام و ڕۆژی دوایی و پێغەمبەرو پیاو چاکانی کردووە، ئەمانەش بە شێکن لە خۆشەویستی بۆ خودای گەورە .

## ئەنجام:

1_ ئەوەی زیاتر لە شیعرەکانیدا دەبینرێت شیعرییەت لە دەقەکانیدا بەو بڕوایەیی گەیاندین، کە وێنەی یار لای شاعیر خودای گەورە بووە و بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مەبەست لە یار لە عیشقی ئیلاهیدا پەروەردگار بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2_ مەحوی شاعیر بەپێی شیعرەکانی بێت عاشقی ئیلاهی بووە، زۆرێك لە وشەکانی خۆشەویستی وەك ڕەمز و سمبول بەکار هێناوە بۆ تێگەشتنی لە عیشقی ئیلاهی، یان بەکارهێنانی وشەگەلێك بە فرەواتای مەجازی وئیلاهی.

3_ بەشێک لە شیعرەکانی بووتە داینەمۆی هەڵسوڕێنەری خۆشەویستیی عیشقی حەقیقی و ئیلاهی وەك حافزی شیرازی لە خۆشەویستی دونیاییەوە دەگات بە مەقامی حەقیقت و مەعریفەت، بۆیە وازی لە یاری دونیایی و مەجازی هێنا بەشێك لە شیعرەکانی رەندانەیە یان قەلەندەرانەیە واتە بەپێی شیکاری وەصفی شیدەکرێتەوە بۆیە واتا جێدەهێڵین بۆ خوێنەر.

4_ توێژینەوەکە ئەوە پشتراستدەکاتەوە تارادەیەك توانیوییەتی فرەواتای بەکار بهێنێت، کە یاری خودای بریتییە لەوەی: هەرگیز بێ ئاگا لەکەس نییە و غەریبیشی بەکەسەکان نییە.

## لیستی سەرچاوەکان:


### بە زمانی کوردیی:

**<u>کتێبەکان:</u>**

- **ئەحمەد موختار جاف(دیوان)**، (2016)، کۆکردنەوەی عیزەدین مستەفا ڕسول، ،چاپخانەی تاران، تاران.
- **بێخود (دیوان)**، (1390)،کۆکردنەوەو ڕێکخستنی و لەسەر نوسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی نیکنام،تبرێز.
- چروستانی، عبدولوەهاب(٢٠٠١)، **باسێك لە شیعری سۆفیگەری مەحوی، فیستیڤاڵی شاعیری گەورەی کورد مەحوی**، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- حەمە تۆفیق، حمە غریب (٢٠١٣)، **فەلسەفەی ڕۆح**، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارستان، سلێمانی
- حەمە غەریب، تەحسین (2011)، **ئەخلاق ناسی** (فەلسەفەی ئەخلاق)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- حەمە غەریب، تەحسین (٢٠١١)، **دڵ و چاو(دڵی مەولەی و چاوی نالی)**، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری بۆ چاپ وبڵاکردنەوە، سلێمانی.
- حەمە غەریب، تەحسین (2014)،**ڕۆحناسی**، ناوەندی ڕۆشنبیر، چاپی سێیەم، سلێمانی.
- حەمید، دارا (2014)، **هەندێك لایەن لە تیۆرەکانی زمان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- سەنگاوی، عسمان (٢٠٠٨)،**گوڵستانی ئیرەم لە وەصفی فەخری عالەم**، چاپی یەکەم، پرۆژەی بەرنامەی گوڵستان.
- شکار، سەبور (2014)، **رەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای (مەحوی) و (حافزی شیرازی)**، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.
- شوان، ابراهیم (٢٠١٤)، **سۆفیگەری(شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا)**، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەلی، تالیب (2014)، **زانستی زمان و زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر.
- عەلی، یونس (2010)، سەرەتایەك بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتیك، و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- قەرەداغی، عبدواللە(٢٠١٢)، **دەیری عیشق**، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە.
- مەحمود،ئەحمەد (2009)، **بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- مەلا، ئەحمەدی (٢٠١٣)، **مەحوی لە نێوان زاهیریەت و باتنیەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا**، چاپی دووەم، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
- المنذری، (٢٠٠٧)، **پوختەی صەحیحی موسلیم**، چاپی دووەم، کتێبخانەی رۆشنبیر سلێمانی.
- **مەحوی (دیوان)**، (١٣٨٧)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدولکەریمی مدرس، چاپی پێنجەم، بڵاکراوەی کوردستان، سنە
- مەحویی، محەمەد (2009) **زانستی هێما (واتاو واتا لێکدانەوە)**، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- **نالی (دیوان)**، (1975)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدولکەریمی مودڕریس وموحەمەدی مەلاکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد.
- نەراقی، ئارش (٢٠١٩)، **ئاوێنەی دڵ**، و.کەیوان هەورامی، چاپی یەکەم، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
- **وەفایی(دیوان)**، (1389)، لێکۆڵینەوەی موحەمەدی سەعید نەجاری(ئاسۆ)، چاپی یەکەم، انتیشارات کردستان، سنە.

**نامە ئەكادیمیە كوردییەكان**

- رواندی، محمد (٢٠٠٤)، عیشق لای مەلای جەزیری و حافزی شیرازی، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- محەمەد، عبدوالله (1990)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**نامە ئەکادیمیە عەرەبیەکان:**

- مهنا، احمد (2007)، المرآة في شعر الصعاليك في الجاهلية والاسلام، رسالة ماجستير، الجامعة السلاميه، غزة، كلية الاداب،قسم الغه العربيه، بغداد.

**گۆڤارەکان کوردییەکان**

- حەسەن، بێستون، حەمید، دارا (2013) **کشانی واتا لە زماندا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1) کەلار.
- قادر محەمەد، ئەنوەر (2015)،**شێواز" سبک"ی شیعری مەولەوی تاوەگۆزی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٤٨، سلێمانی.

**گۆڤارە ئینگلیزییەکان:**

Karim, Hemn, Meera, Ahmed (2021) Metaphor And Borrowing: Disclosing Hidden Meanings Of Text: Ahmed Mukhtar Jaff As An Example, Govara Kurdinameye Ya Navnetewi, Jimar: 5.

# "Beloved in Mahwee's Poems"

**Pary Omar Ali**
Department of Kurdish Language, College of Basik Education at Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
pary.ali@univsul.edu.iq

**Srwa Tahhir Ali Mohammed**
Department of Kurdish Language, College of Education, Sharazwr at Halabja University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
srwa.ali@uoh.edu.iq

**Bestoon Abubakr Ali**
Department of Kurdish Language, College of Basik Education at Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
Bestoon.ali@univsul.edu.iq

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Hemn Karim M. Salih**
Department of Kurdish Language, College of Education, Sharazwr at Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq
hemn.kareem@uoh.edu.iq

***Keywords***: *Semantic, Poem, Mahwee, Beloved, Intrinsic Beloved, Extrinsic Beloved.*

## Abstract

Love and woman are the main topics, which became poets' sources of inspiration and invention; whether it is intrinsic love (Divine Love) or extrinsic love (Female Love). This research that entitled "Beloved in Mahwee's Poems" is an attempt to introduce Beloved by the poet.

The research consists of two main sections, conclusion and list of sources: the first section is deals with the method of semantic scientifically and the diversity of meaning, meanwhile it illustrates that because of over-used of certain words by communities, authors and poets, they pregnant with varying meanings and connotation. Also, this section indicates varying meaning in linguistics in a scientific way. Then generally it covers the beloved by Kurdish Classic poets, with providing adequate samples of poems by so-called poets. The second section, is in details and generally explains the meaning of beloved in Mahwee's poems, which carries varying meanings, such as: Almighty God, The Messenger of God (PUH), etc... Finally, it poses conclusion and list of sources of the research

## الملخص

**الغزل** و**المرأة**، أصبحا موضوعين رئيسين كمصدر إلهام وإبداع لكثير من الشعراء، سواء كان الغزل غزلاً حقيقيًا وهذا البحث الذي يحمل عُنوان **"دلالة المعشوق في قصائد محوي"** محاولة للتعريف بدلالة المعشوق لدى هذا الشاعر، والذي يتكون من فصلين رئيسين:

**الفصل الأوَّل/** يتناول النظرية الدّلاليَّة علميًا مع بيان تعدد المعنى، كما يوضح أنَّ الإفراط في استخدام بعض الكلمات في المجتمع ومن قبل الكثير من المؤلفين والشعراء، حملت هذه الكلمات أكثر من معنى. واستنادًا إليه، عُرِضت في هذا الفصل ظاهرة **المشترك اللفظيّ** لدى علماء علم اللُّغة بصورة علميّة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الفصل الثَّاني/** في البداية، ذُكِرت دلالة المعشوق عند الشعراء الكلاسيكيين من الكُرد بشكل عام، مع عرض نموذج شعريّ لهم. ولكن فيما بعد وبشكل تطبيقي، تمَّ شرح دلالة المعشوق في قصائد محوي، والذي يحمل أكثر من معنى، مثل: الله (Ψ)، والرسول (η).... إلخ. وفي النهاية، عَرضٌ لأهمّ النتائج التي توصل إليها البحث مع قائمة المصادر المراجع المعتمدة.